مسوڵمان بوویت لەگەڵ هەموو ئەو کردەوە چاکانەی پێشووتر ئەنجامتداوە

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ سەبارەت بە هەندێک کردەوە وەکو پەرستن ئەنجامم دەدا لە جاهیلیەتدا وەکو خێرکردن وئازادکردنی کۆیلە وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئایا هیچ پاداشتێکم دەدرێتەوە (لەسەر ئەنجامدانیان)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مسوڵمان بوویت لەگەڵ هەموو ئەو کردەوە چاکانەی پێشووتر ئەنجامتداوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کافر ئەگەر مسوڵمان بێت ئەوا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەو کردەوە چاکانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی پێش موسوڵمان بوونی وەکو خێر کردن وئازادکردنی بەندە وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65016